# زمانی دایك له سیستەمی پەروەردەدا

د.مهاباد كامل عبدالله
زانكۆی سلێمانی
سكوڵی زمان
بەشی كوردی

## پێشەكی:-

زمان ڕۆڵێكی سەرەكی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، بەتایبەتی لە دیاریكردنی رۆشنبیری نەتەوەكاندا، لەم ڕوانگەیەوە لێكۆڵینەوەو بەدواداچوونی جۆراوجۆری لەسەركراوە، زمان دەتوانێت هاوڵاتیان كۆبكاتەوەو شارستانیەتییەكان بە دنیا بناسێنێت.

زمان ئەو ڕێچكە گرنگەیە، كە كەلتورو كەلەپور لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگوازێتەوە، ڕێگایەكە بۆ دەربڕینی بیرو هەستەكان، هەرچەندە بایەخی زمان زۆر لەوە زیاترە، كە تێیگەیشتووین، هەربۆیە بە درێژایی مێژوو زاناو فەیلەسوفو زمانەوانەكان گرنگییان پێداوەو هەردەم خەریكی گەڕان بەدوای بنەچەی زمانو سەرهەڵدانو چۆنێتی گەشەكردنیدا بوون، بە تایبەتی زمانی فێركردن و ئەو ڕۆڵە كاریگەرەی، كە لەژیانی مرۆڤدا دەیگێڕێت.

لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی وڵاتان دركیان بە مەترسی خوێندن بە زمانی دووەم كردووە، لەو روانگەیەوە گرنگی زمانی دایكیان لەو بوارەدا خستۆتە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین باسو لێكۆڵینەوەی تیۆری و مەیدانیان پێشكەش كردووە. كوردستانیش لەم دیاردەیە بێبەش نییە، كە لەم ساڵانەی دواییدا خێزانەكان منداڵەكانیان دەنێرنە ئەم خوێندنگایانەی كە تایبەتن بە زمانی ئینگلیزی یاخود زمانی تر وانەی تێدا دەخوێنرێت، ئەنجامە بەرابیەكانی ئەم دیاردەیە، خەریكە دەردەكەوێت، كە چەند نموونەیەكی نزیكی خۆمان ئەم ڕاستیە دووپاتدەكەنەوە. زانینی زمانی دووەم پێویستییەكی ئێستاییو سەردەمییە، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، چونكە بۆتە زمانی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری.

لەم باسەدا زمانی كوردی وەك زمانی دایك بە نموونە وەردەگرین، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین چەندین منداڵ لە ناوچە جیاوازەكاندا بە زمانی دایك ناخوێنن، بۆ نموونە ئەو منداڵانەی كە زمانی دایكیان كرمانجیی ناوەڕاست، یاخود كرمانجیی ژووروو نییەو سەر بە زارو شێوەزاری ترن، یاخود ئەو منداڵانەی كە لە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم دەژین یاخود ئەوانەی لەهەندەران دەژین.

خودی فێربوونی زمانی دووەم كێشەیەك نییە، بەڵكو كێشەكە لە خوێندنی ئەو زمانەدایە، كە كێ بیخوێنێت؟ كەی بخوێنرێت، چۆن بخوێنرێت، كێ بیڵێتەوە؟ لە چ ژینگەیەكدا ئەم پرۆسەیە سەركەوتوو دەبێت؟ چی بكرێت بۆ فێربوونی ئەو زمانە بەبێ ئەوەی كاربكاتە سەر زمانی دایك؟ چۆن كاریگەری خراپی لەسەر زمانی كوردی وەك زمانێكی نەتەوەیی نابێت؟

بۆ خستنەڕوو دەستنیشانكردنی لایەنە نەرێنییەكانی دیاردەكە، ئەم لێكۆڵینەوەیە دەخەینەڕوو.

- **ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە بەناونیشانی (زمانی دایك لە سیستەمی پەروەردەدا)یە کە مەبەست لێی خستنەڕوو دەستنیشانکردنی یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی زمانو پەروەردەیە لە کوردستاندا، هەوڵێکە بۆ پڕاوپڕکردنی لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە لە زمانی کوردیدا.

- **بواری لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدرێت چەمکی زمانی دایكو گرفتەکانی خوێندن بە زمانی دووەم بخرێتە روو.

- **هۆی هەڵبژاردن و ئاما نجی لێکۆڵینەوەکە:**

لە روانگەی هەستکردنمان بە مەترسی خوێندن بە زمانی دووەم لە کوردستاندا، ئەم بابەتە هەڵبژێرراوە، کە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەو خستنە رووی هۆکارو گرفتی دیاردەکە، بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکە.

- **تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

١/١- رۆژی زمانی دایك

٢/١- چەمك و پێناسەی زمان

٣/١- چەمكو پێناسەی زمانی دایك

٤/١- گرنگییەکانی خوێندن بە زمانی دایك

١/٢- چەمكو پێناسەی زمانی پەروەردە.

٢/٢- گرفتەکانی خوێندن بە زمانی دووەم.

**١/١- رۆژی زمانی دایك:**

لە بەنگالی رۆژهەڵاتی کۆماری بەنگلادیشی ئێستا، پێش جیابوونەوەی لە پاکستان حکومەتی ناوەندی پاکستان لە رۆژئاوای پاکستان لە زمانی (محمد علی جناح)ەوە، لە کۆبوونەوەی ٢١/ئازار/١٩٤٨ رایگەیاند، کە زمانی ئۆردوو زمانی فەرمی وڵاتە، لەگەڵ ئەوەی، کە زمانی کەمینەو چینێکی تایبەت بوو، ئەمە بوو بە سەرەتای پەرچەکرداری بەنغالیەکان لەساڵی ١٩٥٠-١٩٥٢ خۆپیشاندانیان لە بەنغالی رۆژهەڵاتدا بەرپاکرد، دواتر بزوتنەوەکەیان بە (بزوتنەوەی زمانەوانی بەنغالی) ناسرا. پۆلیسی پاکستان بەرامبەر خۆپیشاندەران چەکیان بەکارهێناو بە ئاگر وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە، لە ئاکامدا پێنج خوێندکار لە کۆلیژی پزیشکی لە دەکای پایتەختی بەنگلادیش شەهیدکران.

ئەم رووداوە بوو بەهۆی ئەوەی، کە حکومەتی ناوەندی ناچار بکات، کە وەك زمانی ئاڵوگۆڕو پەیوەندیکردن دان بە زمانەکەیاندا بنێت. شایەنی باسە لەبەردەم کۆلیژی پزیشکی ئەو وڵاتەدا مۆنۆمێنتی (شەهید منار)یان بۆ کرا.

لە ١٩٩٩/١/١٧ ەوە لەدوای پێشنیاری بەنگلادیش رێکخراوی یۆنسکۆ بڕیاری دا ئەو رۆژە ببێتە رۆژی زمانی دایك و لە ٢٨ وڵاتدا ئاهەنگی بۆ بگێڕێت.

ئیدی لەو رۆژەوە یۆنسکۆ لەپێناو پاراستنی جۆراوجۆری رۆشنبیریو جۆراوجۆری زمان ئەم یادە دەکاتەوە[٨٦].

[٨٦] لە ئینتەرنێتەوە: اليوم العالمي للغة الام، حسن احقران، ٢٠١٢.

## ٢/١- چەمك و پێناسەی زمان:

پێناسەی زمان كارێكی وا ئاسان نییە، چونكە لە روانگەی جۆراوجۆرەوە سەیری زمان دەكرێت، پێناسەكانیش بەپێی پسپۆڕی زاناكان جیاوازن.

چۆمسكی دەڵێت: زمان كۆمەڵە رستەیەكە رێزمان دەریدەكات[٨٧]. واتە زمان هۆكارە بۆ لەیەكتر گەیشتنو بەیەكتر گەیشتنی تاكەكان، كە ژمارەیەكی بێكۆتا لە ڕستە بەچەند یاسایەكی دیاریكراو بەرهەم دەهێنرێن.

كریستاڵ دەڵێت: زمان بەكارهێنانێكی سیستماتیكی دەنگو نووسینو هێمایە لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بە مەبەستی پەیوەندیكردنو دەربڕینی بیروڕا[٨٨].

مەبەست لە بەكارهێنان جیاوازییە لەنێوان هونەری قسەكردنو هونەری نووسینو هونەری هێمادا، كە هەریەكەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەربڕینیش پەیوەستە بە توانای تاكەكانەوە، چونكە چۆنێتی بەكارهێنانی زمان لای تاكەكان جیاوازە توانایەكی بایەلۆجی لە مرۆڤدا هەیە، وای لێدەكات قسە بكاتو تێبگاتو بنوسێتو ئاماژە بكاتو هێما بۆ شتەكان دابنێت.

بلوتنك دەڵێت: شێوەیەكە لە شێوەكانی بەیەكگەیشتن، كە یاساكانی بەكارهێنانی لێوە فێردەبین، ئاماژەكان وشەو هێماكان پێكەوە دەبەستێت، ژمارەیەكی بێ كۆتا لە رستە دەردەكات، كە واتایان هەیە.

هەمبولت دەڵێت: بەرهەمی تاكو كۆیە لەیەك كاتدا، كە شێوە/فۆرم و ناوەرۆك پێكەوە دەبەستێت، سیستەمێكی جێگیرە بۆ بەردەوامیو گەشەكردن[٨٩].

كۆی ئەم پێناسانە ئەوە دەردەخەن، كە زمان بریتییە لەو دیاردەیەی، كە وەك رەگەزێك بۆ پەیوەندیكردن بەكاردەهێنرێت، رەگەزێكی سەرەكی رۆشنبیرییەو ئامرازێكە بۆ پاراستنی رۆشنبیری نەتەوەكانو گواستنەوەی ئەو رۆشنبیرییە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر.

زمان یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكانی گەشەكردنی منداڵ، تەنها رێگەیە بۆ فێربوون لە پەروەردەداو بە زمان دەچێتە ناو چالاكیو ژیانی كۆمەڵایەتییەوە، نەك تەنها ئاستی ژیریو رۆشنبیری گەورەكان دەستنیشان دەكات، بەڵكو منداڵانیش بە زمان ئاستەكانیان لە رووی زیرەكیو ژیرییەوە جیادەكرێتەوە.

لێرەشەوە چەندین تایبەتمەندی زمان دەستنیشاندەكرێت وەك: زمان (دەنگە، سیستەمە، پێڕەوە، تایبەتە بە مرۆڤ). بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە، چەندین جۆر لە زمان دەستنیشانكراوە، وەك (زمانی یەكەم، زمانی دایك، زمانی دەستكرد، زمانی نوسراو، زمانی هێما، زمانی منداڵ...تاد).

بەمجۆرە فرەچەشنی لە زماندا دیاردەیەكی ئاساییە، كە زمانەوانی كۆمەڵایەتی گرنگی بەم فرەچەشنییە دەدات، نەك تەنها جیاوازی لەنێوان ناوچەكاندا هەیە، بەڵكو لەنێوان كەسەكانی یەك ناوچەشدا جیاوازی لە قسەكردندا هەیە، تەنانەت تاكێكیش بەپێی هەڵكەوتی ژینگەییو رۆشنبیری....تاد، شێوازی قسەكردنی دەگۆڕێت.

زۆربەی زانایانی زمانو كۆمەڵناسیو زانستی زمانی دەروونی، زمان بە بناغەیەكی گرنگ لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا دادەنێن، چونكە هۆكارێكە بۆ دەربڕینی پێداویستیو ئارەزووەكانیو رێڕەوێكە بۆ هەڵسوكەوتكردن لە كۆمەڵگادا.

---

[٨٧] محمد معروف، زمانەوانی، ١٩٩٠، ل٥.

[٨٨] DAVID CRYSTAL, Language and Language, ١٩٩٢, ٢١٢.

[٨٩] لە ئینتەرنێتەوە: د.محمد عویدات، تدریس اللغات الاجنبیة في التعلیم واثره في التعلیم اللغة العربیة، ٢٠٠٩.

زمان هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردنو پێگەیشتنو ئاڵوگۆڕی بیروڕاو هەستو سۆز، هەروەها لە بنیاتنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا رۆڵێکی گرنگی هەیە، لەڕێگەی زمانەوە بەرژەوەندییە مرۆییەکان دەپارێزرێن.

ئەرکی زمان تەنها پێدانی زانیاریو گواستنەوەی هەستەکان نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی وروژاندنی بیرو ئایدیای نوێ، پاڵنەرێکە بۆ جوڵاندنو بیرکردنەوە، سروشتێکە بۆئەوەی زیاتر بیرو هۆش بکرێتەوە.

یەکێك لەو بابەتانەی کە زمانەوانی کۆمەڵایەتی گرنگی پێدەدات، زمانی دایکە:

## ٣/١- چەمكو پێناسەی زمانی دایك:

مرۆڤ کە لەدایك دەبێت هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەردا رێکبخات، ئەم پەیوەندییەش سەرەتا بەهۆی گریانەوەیە، بەرەبەرە بەپێی قۆناغەکان زمانی دەپژێت بە زمانی دایك، کە ئەو زمانەیە منداڵ یەکەمجار لە خێزاندا وەریدەگرێت، زمانی (یەکەم، زگماك، لەدایکبوون،خۆماڵی، شیری)یشی پێدەوترێت، ئەم زاراوانە سینۆنیمن، لە زانستی زمانی دەروونیدا بەکاردەهێنرێن بۆ فێربوونی ئەو زمانەی منداڵ سەرەتا وەریدەگرێت، ئەویش دەبێت بە یەکێك لە قسەپێکەرانی زمانەکە، زمانی دایك لە زاراوەکانیتر گونجاوترە، چونکە دایك نزیکترین کەسە لە ساواوە.

زۆرجار وارێکدەکەوێت، کە منداڵ دوو زمان وەربگرێتو بەکاریبهێنێت، ئەگەر دایكو باوك دوو زمانی جیاوازییان هەبێت، ئەوا بە ناچاری دوو زمانی یەکەم وەردەگرێت، چونکە منداڵ توانستی فێربوونی کراوەیەوەو لە توانایدایە چەندین زمان فێرببێتو وەربگرێت.

زمان وەرگرتن، پرۆسەیەکە بەهۆیەوە مرۆڤ توانای وەرگرتن و تێگەشتن بەدەست دەهێنێت، زمان بەرهەمدەهێنێت لە شێوەی ڕستەدا، کەهەڵگری ناوەڕۆکە، دواتر تێگەیشتن دێتە ئاراوە، کە بەرهەمی ڕێکخستنی فۆڕم و واتای وشەکانە، هەریەك لەو وشانەش خاوەنی زانیاری تایبەتن.

ئەو زمانەی منداڵ لە خێزاندا وەریدەگرێت جیاوازە لەو زمانەی کە لە خوێندنگە فێری دەبێت، هەندێکجار جیاوازییەکە زۆر کەمەو کێشە دروست ناکات، بەڵام ئەگەر زمانی دایكو زمانێك – زارێکی – جیاواز بوو، ئەوا منداڵ لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بۆشایی زمانیی لەنێوان زمانی یەکەمو دووەمدا بۆ دروست دەبێت.

یۆنسکۆ (UNISCO) جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە زمانی دایك گرنگی تایبەتی هەیە، بۆیە چەندین راپۆرتو کۆنفرانسو کۆڕو کۆبوونەوەی ئەنجامداوە بە مەبەستی رزگارکردنی زمانەکان لە مردنو پارێزگاریکردنیان.

پەرلەمانی ئەوروپاش لە ٢٠٠٦/١٠/٤ بڕیاریدا زمانی قوتابخانە زمانی دایك بێت، هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەبێت زمانەکانی تر فێرببێت، چونکە ئارەزووی فێربوون بۆ زمانی دووەم پێویستە، بەڵام بە ئارەزووی خۆی بێتو زۆرکردنی سیاسیو کۆمەڵایەتی تێدا نەبێت.

وەرگرتنی زمانی دایك سروشتییە و زۆرکردنی تێدا نییە، منداڵ لە خێزانەکەیەوە وەریدەگرێتو پێویستی بە خوێندن نییە، بەڵام زمانی دووەم ئەو زمانەیە کە لە گەورەییدا (واتە دوای خێزان) وەریدەگرێت[٩٠]، یاخود فێریدەبێت.

[٩٠] تاریق جامباز، زمانی زگماك، ٢٠١٣، ل٥٩.

خێزانەکان (دایكو باوك) منداڵەکانیان دەنێرنە ئەو خوێندنگایانە کە خوێندن تیایاندا بە زمانی دووەمە بەتایبەتی ئینگلیزی، ڕۆشنبیری ئەو زمانە وەردەگرنو گرنگی پێدەدەن، نەك تەنها زانستو زانیاری ئەو زمانە وەردەگرن، بەڵکو خورەوشتو کەلتوری زمانەکەش وەردەگرن.

خوێندن بە زمانی دووەم لە سەرەتاکانی تەمەندا بەتایبەتی پێش (٩) ساڵی کاریگەری خراپی بۆ سەر زمانی دایك هەیە، پسپۆڕان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە خوێندن بە زمانی دووەم دوابخرێت بۆ تەمەنی دوای (٩) ساڵی واتە چوارەمی بنەڕەتی لەپێناو پاراستنی زمانی دایکدا.

لێکۆڵەرەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە خوێندن لە سەرەتادا بە زمانی دووەم کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتی منداڵ هەیە وبە پێچەوانەوە خوێندن بە زمانی دایك یارمەتی دەدات لە بنیاتنانی کەسایەتی و سەرکەوتنی خوێندندا.

خوێندن بە زمانی دایك ئەنجامی باشی دەبێت لە رووی دەروونیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییەوە، چونکە کەمتر رووبەڕووی تەنگەژەی رۆشنبیری دەبێتەوە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستکردن بە بەهای خودیو هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی، پێویستە گرنگییەکی تەواو بە فێربوونی زمانی دایك بدرێت چونکە:

١- مێشکی منداڵ لەژێر کاریگەری دەوروبەریدایەو وەك تەزووی کارەبا ئەو دەوروبەرە بە مێشکی منداڵ دەگات.
٢- منداڵ بۆ گەشەکردنی پێویستی بە سۆزو خۆشەویستی دایكو باوك هەیە، ئەو سۆزو خۆشەویستیەش بە زمانی دایك دەگاتە منداڵ.
٣- منداڵ لە سکی دایکەوە هەست بە زمانی دەکات، توانای ئەوەی هەیە دەنگی دایکی لە کەسانی دیکە جیابکاتەوە، هەر لە سەرەتاوە دەنگەکان تۆماردەکات ولەیەکیان دەدات.
٤- دەنگی دایکیو سۆزو خۆشەویستی وای لێدەکات بەتواناتربێت لە بیرکردنەوەو فێربووندا، ئەمەش کاردەکاتە سەر مێشکی منداڵ.

هەندێك لە خێزانەکان لەهەندەران گرنگی زیاتر بەزمانی دووەم دەدەن، پێیان وایە، کە فێربوونی ئەو زمانە و فەرامۆشکردنی زمانی دایك، منداڵەکانیان سەرکەوتوو دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی ئەو وڵاتانە بودجەیەکی باشیان بۆ خوێندن بەزمانی دایك تەرخانکردووە، چونکە پێیان وایە زمانی دایك یەکەمەو زمانی تر بەدوایدا دێت. پێش تەمەنی شەش ساڵی منداڵ لەباوەشی گەرم و نەرمی دایکیایەتی، هەندێك جار زووتر لەم تەمەنەش منداڵ دەنێررێتە ناوەندی خوێندن، جیاواز لە ناوەندی خێزان و قۆناغێکی سەختتر لای منداڵ دەست پێدەکات، ئەویش گواستنەوەیەتی لەماڵێکی پارێزراوو سەلامەتدا بۆ خوێندنگا، کە بۆ منداڵ سەرەتایەکی قورسە لەڕووی دەروونیەوە، سەرباری ئەو بارە دەروونیە، زمانیش بارەکەی ئاڵۆزتر دەکات ئەگەر خوێندن و فێربوون تیایدا بەزمانی دووەم بێت، ڕکابەرایەتی ئەم قۆناغە دەست پێدەکات، بۆ ئەمەش پێویستی بە فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبارە.

### ٤/١- گرنگییەکانی خوێندن بە زمانی دایك:

١- زمانی دایك شوناسی نەتەوەیە و هۆکاری بەستنەوەی تاکەکانە.
٢- یارمەتیدەرێکی باشە بۆ بنیاتنانی بیرو رۆشنبیری.
٣- هۆکارێکی سەرەکییە بۆ رەنگدانەوەو وەرگرتنی خوو رەوشتە کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوەیەك.

٤- لەڕێی زمانی دایکەوە منداڵ دەتوانێت زیاتر خودی خۆی بناسێنێت، هەست بە ناسنامەی خۆی بکات.

٥- منداڵ بە زمانی دایکی دەتوانێت، تواناکانی خۆی بچەسپێنێتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت.

٦- خوێندن بە زمانی دایك یارمەتیدەرێکی باشە لە سەرکەوتنی منداڵ لەڕووی ئەکادیمیو زانستیەوە، زانیارییەکان باشتر وەردەگرێتو دەتوانێت باشتر گوزارشت لەناخی خۆی بکات.

٧- لەڕووی دەروونییەوە، هۆکارێکی باشە بۆ دەربڕینی هەستو سۆز بەرامبەر دەوروپشتو یارمەتیدەرێکە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی هۆشو دەروونی[٩١].

## ١/٢- چەمكو پێناسەی زمانی پەروەردە:

ئەو زمانەیە کە بۆ بەشداریکردنو تێگەیاندنی بەرامبەر بە چەند کۆدێکی زمانیی لە پەروەردەدا بەکاردەهێنرێت، دەبێت مامۆستاو خوێندکار زمانێکی هاوبەشیان لە نووسینو خوێندنەوەدا هەبێت، بۆئەوەی بتوانن لە یەکتری تێبگەن، لەم قۆناغەدا توانایەکی گونجاو بۆ دروستکردنی توانستێکی گونجاو گرنگە، دەبێت بابەتەکان ناوەرۆکێکی ئەکادیمیو زانستیو پەروەردەییان هەبێت، زانستو زانیاری ببەخشرێت، بۆ ئەمەش ژینگەیەکی لەبار بۆ تێگەیاندن پێویستە، کە گرنگترینیان زمانە لەگەڵ هۆیەکانی تێگەیاندن وەك وێنەو فلیمو تەلەفزیۆنو کۆمپیوتەرو داتاشۆ...هتد، فێربوون لە ژیانی هەرتاکێکدا پرۆسەیەکی گرنگە، بەڵام لەوەگرنگتر بیرهاتنەوەو ڕەفتار و چالاکییە بەو زمانە، چونکە فێربوون و بیرهاتنەوە دوو پرۆسەی پەیوەستن بەیەکەوە، بیرهاتنەوە کاتێك دەبێت کە لەیادگەدا زانیارییەکان تۆمار کرابن، بەم پێیە فێربوون گوزارشتە لە درككردنی زانیارییەکان و تۆمارکردن و وەرگرتنیان لەیادگەدا، لەکاتی پێویستدا بهێنرێنەوە بیر و بەکاربهێنرێن[٩٢].

چەمكو پێناسەی زمانی پەروەردەیی لەگەڵ کارو لێکۆڵینەوەکانی ( بێرنارد سپۆلسکی )، لەساڵی ١٩٧٠ دەستیپێکردوە، لەساڵی ١٩٧٢شدا بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە[٩٣].

ئەم زانستە لە بنەڕەتدا زانستێکی کارەکییە، مەبەست لێی ئەوەیە کە منداڵان چۆن فێردەبن، چۆن دایكو باوکیش بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکەن.

ئەم زانستە بریتییە "لە قاڵبگرتنو مەیینی زمانەوانی زانستە پەیوەستەکان بە زمانو پەروەردەکردنی فەرمیو نافەرمی" واتە زمان رایەڵەیەکی گرنگە لە فێربوونو فێرکردندا، سەبارەت بە وەرگرتنی زمانی دایك، بەپێی تیۆری بەرهەمهێنانو گواستنەوە مرۆڤ دەستی نییە لەم وەرگرتنەدا، بەڵکو لایەنی بایەلۆجی هۆکارێکی سەرەکی وەرگرتنی ئەم زمانەیە، بەڵام لە فێربوونی زمانی دووەمدا، دەوروبەر کاریگەری خۆی هەیەو لایەنی بایەلۆجی ئەو رۆڵەی نامێنێت لەسەر فێربوونی زمانی دووەم.

لە پرۆسەی فێربوونو فێرکردندا، دەبێت خوێندکار بە هەر رێگایەك بێت فێربکرێت، کە زمان چۆن کاردەکات، بەکارهێنانی ئەو زمانەی کە فێردەکرێت گرنگی خۆی هەیە لە پۆلەکانی خوێندندا، چ لەلایەن مامۆستا یا

[٩١] Anne Burns and Jack C.Richards, Pedagogy and practice in second Language Teaching, ٢٠١٢, ١٣٩.

[٩٢] ناهیدە رەحمان خەلیل، ٢٠١٣ ل ٦٣

[٩٣] بکر عمر علی و کاروان عومەر و ئاڤێستا کەمال، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، ٢٠١٣، ل٢٨٣.

خوێندكارەوە، چونكە تێگەیاندنو بەكارهێنانی زمان لە سەرجەم پۆلەكانی خوێندندا بەهایەكی گرنگیان هەیە لە فێربوونی زماندا[٩٤].

هالیدەی (Halliday) سێ تەوەر بۆ فێربوونی زمان دەستنیشان دەكات، كە ئەمانەن[٩٥]:

١- **تەوەری یەكەم: فێربوونی زمان** Learning Language:

ئەم قۆناغە لە سەرەتای خوێندندایە، منداڵ سەرەتا فێری قسەكردنو پاشان نووسین دەكرێت، وردەوردە ئەم توانایە گەشە دەكاتو ڕێزمانو زاراوەش فێر دەبێت، دواتر هەوڵ دەدات وزەی پەیوەندیكردن زیادبكات، ئەمەش بەپێی ئاستو ژینگەی خوێندن دەگۆڕێت، پاشان دەیەوێت بنوسێتو تێبگاتو هەوڵ دەدات ڕێگایەك بدۆزرێتەوە بۆئەوەی زانیارییەكانی خۆی دەربڕێت، بۆ نموونە لە قۆناغی یەكەمی بنەڕەتیدا منداڵ وشەكانی (دار ، دارا ، دەوری ، زۆراب، بۆرە...هتد) فێردەبێت، هەوڵ دەدات لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا بەپێی ئەوتوانستەی هەیەتی بەكاریبهێنێت، وشەكان ڕێك دەخات، دواتر دەینووسێتەوە و بە ڕێنوس تاقیدەكرێتەوە، لەسەرەتادا لەوانەیە بەشێوەیەكی دروست ئەم كردەیە ئەنجام نەدات، بەڵام بە دووبارەكردنەوەی پرۆسەكەی لائاسان دەبێت.

٢- **تەوەری دووەم: فێربوون بەهۆی زمانەوە** Learning through Language:

منداڵ لە پۆلدا پێویستی بە زمانە بۆ پرسیارو گفتوگۆو نووسین، لێرەدا هەوڵ دەدات بە شێوەیەكی ڕاست فێرببێتو بنووسێتو قسە بكاتو وەڵامی پرسیار بداتەوە، هەموو ئەمانەش لەڕێگەی زمانەوە دەبێت، واتە بەهۆی زمانەوە دەتوانێت زیاتر فێرببێت، بۆ نموونە لە قۆناغی سێیەم و چوارەمی بنەڕەتیدا منداڵ تێكست و هۆنراوەكان وەردەگرێت و فێریان دەبێت، پاشان پرسیاریان لەبارەوە دەكات، لە ڕاهێنانەكانیشدا پرسیار لەسەر تێكستەكان دەكات، بە پێی توانا منداڵ وەڵامی پرسیارەكان دەداتەوە، ئەمەش زیاتر مێشكی منداڵ دەكاتەوە و زانیاری دەربارەی دەوروبەری خۆی وەردەگرێت.

٣- **تەوەری سێیەم: فێربوون دەربارەی زمان** Learning about Language:

لەم قۆناغەدا ڕاهێنانو پراكتیك كردنی ڕێزمانیی وشەكانو چۆنێتی نووسینیان گرنگی خۆی هەیە، بۆ هەموو خوێندكارێك ئەم قۆناغە گرنگە، چونكە هەریەك لەو خوێندكارانە لە شوێنو ژینگەی جیاوازەوە هاتوون، پێویستە هەموویان بەشێوەیەكی دروست یاساكان وەربگرنو فێری ببن، تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەش بە زمان دەبێت، لە قۆناغی پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتیدا، چۆنیەتی بەكارهێنانی وشەكان لەڕستەدا و بەشە گرنگە پێكهێنەرەكانی ڕستە دەستنیشان دەكرێت، وەك پیت و بڕگە و وشە و ڕستە پێناسە دەكرێن و بەشەكانی ئاخاوتن لەناو و ئاوەڵناو و كردار ڕاڤە دەكرێن، بەمەش منداڵ سەرەتایەك دەربارەی زمانەكەی ئاشنا دەبێت.

لەم قۆناغەدا دەبێت چەند مۆدێلێكی ڕاستو دروستو بێ خەوش ڕاڤە بكرێتو بەكاربهێنرێت، بۆنموونە مامۆستا چەند خاڵێكی گرنگ بچەسپێنێت لەوانە، باس لە جیاوازییەكانی زمانی قسەكردنو نووسین بكات، لەكاتی وانەوتنەوەدا ڕێڕەوی بەیەكداوهاتنی وانەكان پەیڕەوبكات، واتە لەكاتی وانەوتنەوەدا، بنەما گرنگو بنەڕەتییەكان فێری خوێندكار بكرێن.

[٩٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣.

[٩٥] CASTELLOTTI Véronque cord, Alternance des Laugues, ١٩٩٧, ٣٨٩.

هەرچەندە فێربوونی زمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، چونکە هەموو هێزێکی هۆشیو دەروونیو ژیریو سۆزی تێدا کۆبووەتەوە، بەڵام ئەوە ئەرکی مامۆستایە، کە فێربوونی زمانی دووەم لای خوێندکار خۆشەویست بکاتو تێبگەیەنرێت، فێربوونی زمانی دووەم لە پرۆسەی فێرکردندا گرنگی خۆی هەیە[٩٦]:

١- فێربوونی زمانی دووەم لە پرۆسەی خوێندندا گرنگی خۆی هەیە، یارمەتیدەرێکی باشە لە سەفەرو گەشت، پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا، بەتایبەتی لەکاتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزدا.

٢- ئەوکەسانەی زمانی زیاتر دەزانن، زیرەکترن لەوانەی کە تەنها زمانێك دەزاننو ئاسانتر دەگەنە رۆشنبیری زمانەکانی تر.

٣- فێربوونی زمانی دووەم چالاکی مێشك زیاتر دەکات، یارمەتی پاراستنی دەمارەکانی مێشك دەدات.

٤- یارمەتیدەرە بۆ کرانەوە بە رووی شۆڕشو ناسینی کەسانی ترو لە خۆدروستکردندا رۆڵێکی باڵای هەیە.

کلیلە سەرەکیەکانی مامۆستا بۆ چوونە ناوبابەتی زمانی دایك/زمانی دووەم بریتییە لە:

١) ئامانجی مامۆستا روون بێت، بزانێت گرنگیی فێربوونی ئەم زمانە چییە.

٢) هاندانی تێدابێت، واتە هاندەرێك بێت، کە بە تەواوی لە وانەکان تێبگەنو پاڵنەرێك هەبێت بۆ فێربوون، کە بۆ ژیانی داهاتوویان سودی لە بەکارهێناندا دەبێت.

٣) خوێندکار تێبگەیەنرێت، کە ئەم قۆناغە پردێکە لەنێوان ئێستاو داهاتوودا، کە دەبێت کار لەسەر بیری تێکستەکان بکرێت، کە چۆن نووسراونو بۆ کێ نووسراونو ئەو تێکستانە چ بەهایەکی رۆشنبیریو فیکریان هەیە.

٤) خوێندکار هانبدرێت کە ئاستێکی بەرزی هەبێت، حەزی فێربوونی تێدا بچێنرێت، واتە نابێت هیچ بۆشاییەك لە فێرکردندا هەبێت، بۆ نموونە جۆری تێکستەکان، لایەنی رێزمانیو واتاسازی بە هەند وەربگیرێت[٩٧].

٥) ئەو زمانە بەجۆرێك راڤە بکرێت، کە ئاسان بێتو تێگەیشتن بێتە ئاراوە.

٦) رستەو دەستەواژەکان واتای خۆیان هەبێت لە بەکارهێناندا تێکەڵ نەبن.

٧) خوێندکار بەئاسانی لە نووسراوەکان تێبگاتو توانای نووسینی بەو زمانە هەبێت.

٨) مامۆستا (بەکارهێنەری زمان) شارەزایی لە بەکارهێنانی هێما زمانییەکاندا هەبێت.

٩) رێگای ئاسان بۆ تێگەیاندن لە دەربڕیندا بەکاربهێنرێت.

١٠) فیزیکی وشەکان تێکنەدرێت، واتە جەستەو قسەکردن هاوواتا بن، هەموو رێگاکان بۆ تێگەیشتن بەکاربهێنرێن.

[٩٦] لە ئینتەرنێتەوە: Helmut Johanns Vollmer, Langues d énseignement de disciplins scolaires.

[٩٧] لە ئینتەرنێتەوە: Conférence intergouvenemental, Langues d scolarisation, ٢٠٠٦.

## ٢/٢- گرفتەکانی خوێندن بە زمانی دووەم:

خوێندن بە زمانی دووەم لە سەرەتادا، کاریگەری خراپی لەسەر منداڵ هەیە، کاردەکاتە سەر زمانی دایك، بۆیە زۆر لە زاناکان پێیان باشە ئەم پرۆسەیە دوابخرێت بۆ دوای (٩) ساڵی لەپێناو پاراستنی زمانی دایکدا، بێگومان کە زمان ون بوو بنەچەو رەسەن ون دەبێت، زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانو بیری مرۆڤ، زمان تەمەنی درێژتر دەبێت، ئەگەر بەکارهێنانی زیاتر بێت، هەر لێرەوە چەندین گرفتی خوێندن بە زمانی دووەم دەخەینە بەرچاو:

١- فێربوونی زمانی دووەم لە سەرەتادا لای منداڵ دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسا زمانییەکانی زمانی دایك، وا لە منداڵ دەکات جارێکیتر بە یاساکانی زمانەکەی خۆیدا بچێتەوە، بەڵام لەسەر بنەمای زمانی دووەم.

٢- چەندین لێکۆڵینەوە ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەو منداڵانەی سەرەتا زمانی دووەم وەردەگرن، زمانی دایکیان کەموکوڕیی تێدەکەوێت، چونکە ناتوانێت لەیەك کاتدا دوو یاساو دوو دەستوری دوو زمان بە رێکوپێکی وەربگرێت، لەوبارەدا یەکێکیان زاڵ دەبێت، کە بە زۆری زمانی دووەمە یاخود تێکەڵیان دەکاتو دەبێتە هۆی ناتەواوی لە یاسا زمانییەکاندا زمانی یەکەم کەل دەبێت.

٣- شلایخەر (Shlaykher) پێی وایە فێربوونی زمانی دووەم هەندێك منداڵ لە داهێنانو بیرکردنەوە دوادەخات، دەبێتە هۆی خنکاندنی زمانی دایك.

٤- فێربوون بە زمانی دووەم، کێشەیەکە وا لە منداڵ دەکات، دایكو باوکیش پەلکێش دەکات بۆ یارمەتیدانی لە کێشەکەیداو ئەوانیش هەوڵی فێربوونی بدەن، زۆرجار تەلەفزیۆنو ئامێرە ئەلکترۆنیو یارییەکانیش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەکاردەهێنن.

٥- فێربوون بە زمانی دووەم دەبێتە هۆی دارمانی توانای خوێندکارو دەرکەوتنی باری دەروونی خراپو کەمتوانایی لە فێربووندا. هەروەها زمانی دووەم دەبێتە ژاوەژاوێك (تشویش) و تێکەڵکردنی بیرەکان لای منداڵ، کە لە سەرەتادا تەنها یاساکان تێکدەشکێنو دواتر زاراوەو دەستەواژەکانیش تێکدەچن. سەرەڕای ئەوەی ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی داخورانی زمانی دایك، لەوانەشە لە کۆتاییدا بیمرێنێت.

بەمجۆرە، بەبێ ئەوەی خۆمان ئاگاداربین، منداڵ لە دەریای زمانی دووەمدا نوقم دەبێتو دواجار چارەسەرکردنی کارێکی ئاستەمە. نابێت ئەم کێشەیە هەروا بە سادەو ساکاری وەربگرین، چونکە هیچ نەتەوەیەك گەشە ناکاتو پێشناکەوێت، ئەگەر زمانی دایکی نەبێت.

فێربوون بە زمانی دایك کلیلی سەرکەوتنی منداڵە، بەپێچەوانەشەوە زمانی دووەم کەلێنو بۆشایی لە منداڵدا دروست دەکاتو تاکەکان لەیەکتری دووردەخاتەوە.

ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا زۆر بە خێرایی بڵاوبۆتەوە، دایكو باوکان منداڵەکانیان دەنێرنە ئەم خوێندنگایانە، بەڵام زۆرجار ناچارییە، چونکە خوێندنگا کوردییەکان سەرەڕای بوونی پرۆگرامی باش لە هەندێك بواردا، بەڵام نەبوونی کادری پێویستو خراپی خوێندنگاکان لەڕووی چەندێتیو چۆنێتی پەروەردەییەوەو کە کاتی خوێندن نەگونجاندنی لەگەڵ کاتی کاری دایكو باوکدا وایان کردووە، کە منداڵ بنێرێتە ئەو خوێندنگایانە.

دەبێت ئاگاداری ئەوەبین ئەمە ئاکامی باشی نابێت، وای لێدێت زمانی دایك لە ژیانی منداڵدا دەردەچێت، وشەو زاراوەکان دەبن بە زمانی دووەم، سەرەڕای ئەوەی کە زەنگێکی مەترسیدارە، منداڵان حەزو سۆزو خۆشەویستیان بۆ زمانو کەلتورو رۆشنبیریو مۆسیقاو گۆرانیان بە زمانی دایکیان نامێنێت.

کوردستان له قۆناغی سەرەتایی ئەم دیاردەیەدایە، پێویسته دەزگا پەیوەندیدارەکان کاربکەن بۆ چاککردنی خوێندنگا کوردییەکان لەڕووی چۆنایەتیو چەندایەتیەوە، گرنگی به پرۆگرامو توانای زانستیو پەروەردەیی مامۆستایانو خوێندکاران بدرێت.

له خوێندنی زمانی دووەمدا سێ جۆر خوێندنگا دەستنیشاندەکرێن، که تیایدا پلەوپایەی زمانی یەکەمو دووەم دەردەکەوێت، ئەوانیش:

١- ئەو خوێندنگایانەی، که خوێندن به زمانی دووەمە، زمانی دووەم زاڵ دەبێت بەسەر زمانی یەکەمدا، بەجۆرێك زمانەکه له خوێندنو هەڵسوکەوتدا جێی زمانی یەکەم دەگرێتەوە، زمانی یەکەم دەبێته زمانی دووەم.

٢- ئەو خوێندنگایانەی، که نیوەی پرۆگرام به زمانی دایکەو نیوەکەی تر به زمانی دووەم، ئەمەش کاریگەری دەروونی خراپی لەسەر خوێندکار، بەتایبەتی له قۆناغی سەرەتاییدا دەبێت.

٣- ئەو خوێندنگایانەی که له سەرەتاییدا پرۆگرام به زمانی دایکە، پاشان له ناوەندی (پۆلی حەوت بەدواوە) زمانی دووەم دەخوێنرێت. ئەمجۆرە زمانی دایك دەپارێزێتو منداڵەکەش له ژاوەژاو (تشویش) دەپارێزێت، ئەم چەشنەیان له وڵاته پێشکەوتووەکان پەیڕەودەکرێت.

لەباری خوێندن به زمانی دووەم، دەبێت دایكو باوك ئاگاداری چەند خاڵێك بن له هەڵبژاردنی زمانی یەکەم یاخود زمانی دووەم، زۆر بەوردی ئەم بابەته راڤه بکرێتو بەراورد بکرێت، ئەم خاڵانه رەچاو بکرێن:

١) توانای منداڵ: باری بایەلۆجی گۆکردن رەچاوبکرێت، چونکه ئەو منداڵانەی که کێشەی بایەلۆجیان نییە، لەکاتی خۆیدا زمانی دایك وەردەگرن، بەتواناترن له فێربوونی زمانی دووەمدا، لەو منداڵانەی که گرفتی گۆکردنیان هەیە.

٢) توانای خوێندنگاو ئاستی خوێندن: زۆرجار کەمتوانایی ئەو خوێندنگایانەی که به زمانی دایکن، دایكو باوك ناچار دەکەن منداڵەکان بنێرنه ئەو خوێندنگایانەی به زمانی دووەمن.دەبێت ئاستی خوێندن رەچاو بکرێت بۆ هەڵبژاردنی خوێندن به هەر زمانێك.

٣) توانای خێزانەکان: دەبێت خێزانەکان کاتی ئەوەیان هەبێت، که خۆیان بۆ منداڵەکان تەرخان بکەن، بەلانی کەمەوە یەکێکیان ئەو زمانه بزانێت، دایكو باوك ئەو رۆشنبیرییەیان هەبێت، که منداڵەکانیان تێبگەیەنن، که زمانی دایك زمانی یەکەمە، بەڵام فێربوونی زمانی دووەمیش لەپێناو پاراستنی زمانی یەکەمدایە.

لەپێناو سەرکەوتن له فێرکردنی زمانی دووەمدا، لەو ناوچانەی که زمانی دایك زمانی ستاندەر نییە، دەبێت چەند خاڵێك رەچاو بکرێت[٩٨]:

١. نابێت هۆکاری سیاسی پاڵنەر بێت له هەڵبژاردنی زمانی دووەمدا.

٢. پێویسته لەکاتی فێرکردندا، نەرمی بەکاربهێنرێت، فشار بەکارنەهێنرێت، بۆئەوەی ئارەزوویان بۆ زمانەکه زیاتر بێت، لەهەمان کاتدا زمانی دایکیشیان لا پیرۆزو گرنگ بێت.

[٩٨] Anne Burns and Jack C.Richards, Pedagogy and practice in second Language Teaching, ٢٠١٢, ١٣٩.

٣. گرنگی زمانی دووەمیان بۆ روونبکرێتەوە، فێری ئەوە بکرێن کە زمانی دووەم زمانێکی کاتیی نییە، هەرچەندە لە زۆر ناوچەی کوردستاندا، زمانی دایك بە بێ بایەخ سەیردەکرێت، ئەمەش بارێکی دەروونی خراپ لای مندالْ دروست دەکات، تا وای لێ دێت زۆرجار بەربەرەکانی زمانی دووەم بکات.

٤. پێویستە پەروەردە پشتگیری ئەم پرۆژەیە بکات، ژینگەیەکی لەبار دروستبکات، بۆ فێربوونی زمانی دووەم، ئەویش بە:

أ- هەولْبدرێت مۆدێلو فێرکردنی دوو زمانی گرنگی پێبدرێت.

ب- گفتوگۆو وەرگرتنی ڕاوبۆچوون بە کۆنفرانسو کۆنگرەی زانستی.

پ- هەولْی تەواو بدرێت بۆ پشتگیریکردنی ئەو زمانانەی کە خەریکە لەناودەچن، بە کۆکردنەوەی داتاو تۆمارکردنی هەموو ئەو زانیارییانەی کە تایبەتن بەو زارو زمانە، هەروەها لێکۆلْینەوە و کتێبی تایبەت بەو زمانو زارانە بنوسرێتو پشتگیری قسەپێکەرانی بکرێت، لەرێگەی میدیاکانەوە بۆ مانەوەو لەناونەچوونیان.

لە کۆتاییدا دەلْێین: فێربوونی زمانی دووەم گرنگە، بەلاَم دەبێت گیروگرفتی چۆنیەتی خوێندن چارەسەر بکرێت، کە کەسانی پسپۆڕ لە شوێنو کاتی گونجاودا ئەو زمانە بلْێنەوە، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر زمانی دایك.

**ئە نجام:**

**ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:-**

**١- زمانی دایك، چالاکیەکە دەبێت لە چوارچێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.**

**٢- باشتروایە لە قۆناغی سەرەتاییدا خوێندن بە زمانی دایك بێت،چونکە ئەوکەسانەی بەزمانی دایك ناخوێنن، بنەمایەکی پتەویان نییە بۆ تێکەیشتن و بیرکردنەوە، زمانی دایك ڕێگایەکە بۆناساندنی کەلتوورو ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك، تاکەکان لە ڕێی زمانەوە دەتوانن کەسایەتی خۆیان بسەلمێنن.**

**٣- پاراستنی زمانی دایك بەرپرسیارییەتی هەمووانە، دەبێت هەموو دەزگا وفەرمانگەکان ئەم لایەنە فەرامۆش نەکەن، چونکە تاکە کەنزە کەشانازیی پێوە دەکرێت.**

**٤- خوێندن بەزمانی دووەم لەتەمەنی ٩-١٢ ساڵییەوە دەست پێبکات، دەبێت لەپێناو پاراستنی زمانی دایکدا بێت و زمانی دووەم جێگەی زمانی دایك نەگرێتەوە.**

**٥- لەکاتی فێرکردن بە زمانی دووەمدا ئامانج و مەبەستەکان ڕوون و ئاشکرابن، زۆرکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێدا نەبێت، لەکوردستاندا ئەوخوێندنگایانە پەیڕەو و پڕۆگرامەکانیان لەخزمەتی کەلتوورو ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژیای کورددا بێت.**

**٦- وەزارەتی پەروەردە بەرپرسیاریەتی هەرە گەورەی لەئەستۆیە، کە ژینگەیەکی لەبار و دروست بێنێتەئاراوە بەبەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس و وەرگرتنی بیروڕای کەسانی پسپۆر لە بوارەکەدا.**

## سەرچاوەکان:

### بە کوردی

١- بەکر عومەر عەلی و کاروان عومەر و ئاڤێستا کەمال، " فێربوون وفێرکردن لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە"، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی ، ئەیلولی ٢٠١١، هەولێر.

٢- تاریق جامباز،" خوێندن بە زمانی دایك، سەرچاوەی ناسنامەی نەتەوەیە"، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك ، ٢٠١٣، هەولێر.

٣- عبدالكريم محمد شنگاوی،"گەشەکردنی زمانی مناڵ"، وەرگێرانی ئازاد ئەمین باخەوان و ناصح محمد، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١، کەرکوك.

٤- محمد معروف فتاح، "زمانەوانی"، چاپخانەی دارالحكمە، ١٩٩٠، هەولێر.

٥- ناهیدە ڕەحمان خەلیل "زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ-فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی"، نامەیماستەر، ٢٠١٣، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

### ئینگلیزی و فرنسی

١- Anne Burns , Pedagogy and Practice in second Languag Teaching, cambridge university press, ٢٠١٢, new York

٢- David Crystal, Language and Languages, Blackwell Publishers, cambridge, ١٩٩٢, USA.

٣- CASTELLOTTI Véronque cord, Alternance des Laugues, ١٩٩٧, ٣٨٩, Paris-France.

### لە ئینتەرنێتەوە

١- حسن أمقران ، عفوا...انه اليوم العالمي للغه الام، ٢٠١٢ .

٢- د.محمد عويدات، تدريس اللغات الاجنبيه في التعليم و ايره في التعليم اللغه العربيه، أردن ٢٠٠٩.

٣- Helmut Johannes, Langue d'enseignement des discipline scolaire, universitat Osnabruck, Allemagne.

٤- Conference intergouvernementale. Langues de scolarisation : ver unCadre pour l'Europe, Strasbourg. ١٦-١٨ octobre ٢٠٠٦.

## الخلاصة

هذه الدراسة بعنوان"اللغة الأم في نظام التعليم" ، هذا الموضوع لها أهمية كبيرة في علم اللغة الاجتماعية. يحاول هذه الدراسة توضيح وتحديد هذا الموضوع فى اللغة الكوردية وعدم استيعابها و بيان خطورتها فى وقت الحاضر ، لذلك تولى اهتماما جديا لهذه المسألة ، و ألقت الدراسة الضوء على أهمية دراسة بلغة الأم وتاثيرها على ذكاء الطفل وكذلك مساعدتهم لتعلم لغة ثانية و ثالثة.

في هذه الدراسة، حدد اللغة الكوردية ب " اللغة الأم". من جهة ، ويوضح البحث على كيفية كون لغة الأولى لتكوين او تشكيل مستقبل الطفل وتاثيراته على شخصيته ، من ناحية أخرى، فإنه يتناول مشاكل اللغة الام التى تسببت لدراسة لغة ثانية.

على الرغم من أن "اللغة الأم " هو مصطلح واسع في الوقت الحاضر ، فإنه لا يشير فقط إلى لغة واحدة لطفل الذى يتعلم من الأمه. يمكن أيضا أن تعني الى اللغة التي يتواصل الجمهورو يتبادل بها المعلومات و الاراء و تلك اللغة يمكن أن يسمى ب " اللغة الأساسية " وهذا ما يساعدنا كثيرا على تشكيل المجتمع . وهكذا، في كوردستان ، وينبغي إنتباه المزيد والاهتمام الكثير لهؤلاء الأطفال الذين لا يدرسون بلغتهم الأولى اى لغة الام ، وخصوصا في تلك الأماكن والمناطق التي لغة التعليم فيها هي اللهجات " كرمانجى شمالي"و"كرمانجى جنوبي" في دراستهم.



## Abstract

This paper entitled "Mother Tongue in the System of Education," is a study that holds much importance in Sociolinguistics. At present, Kurdish language is at the risk of dying out. Paying serious attention to this issue, the study throws light on the significance of studying in one's mother tongue. It also shows how studying a first language can have influence on a child's intelligence as well as help him/her learn a second and third language.

In this study, Kurdish language is referred to as "mother tongue". On one hand, the work explains how a first language can form a child's future and affect his character; on the other hand, it tackles the language problems caused owing to studying a second language.

Although "mother tongue" is a broad term nowadays, it does not only refer to the one language a child learns from his/her mother. It can also mean the language by which the public communicates. That language can be called "the basic language" and it is what greatly helps the formation of a community. Thus, in Kurdistan, more attention should be given to those children who are not studying in their first language, especially at those places where the dialects "North Kirmanji" and "south Kirmanji" are the language of education.